سەرۆك کۆمار: گرتنەبەری دیالۆگی جددی و بنیاتنەر لەپێناو دەزینەوەی چارەسەر بە کێشە هەڵپەسەردراوەکانی نێوان عێراق وتورکیا

سەرۆك کۆمار د.لەتیف جەمال رەشید پێشوازیکرد لە عەلی رەزا گونای باڵیۆزی تورکیا لە عیراق، کە بەبۆنەی کۆتاییهاتنی ئەرکەکانی، سەردانی کردبوو.

سەرکایەتی کۆمار باسیکردەوە لە میانی دیدارەکەدا، کە ئەمڕۆ چوارشەممە 29-5-2024 لە کۆشکی بەغداد بەڕێوەچو، سەرۆك کۆمار خواستی عێراقی دووپاتکردەوە بە بەهێزکردنی پێوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات و چێکردنەوەی هاریکارییەکان لە بواری کۆنترۆڵکردنی ئاسایشی سنورەکان بەشێوەیەك کە خزمەت بە بەرژەوەندیی هاوبەشی هەردوو گەلی عێراق و تورکیا بکات، هەروەها ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکەدا بەدیبهێنێت.

سەرۆك کۆمار ئاماژەی بە پێویستی گرتنەبەری دیالۆگی جددی و بنیاتنەر کرد لەپێناو دەزینەوەی چارەسەر بە کێشە هەڵپەسەردراوەکانی نێوان هەردوو وڵات، هەروەها باسی لە گرنگی هاوئاهەنگی و هاریکاری لە بواری ئاو و دەستبەرکردنی پشکی عێراق و سودمەندبون لە شارەزایی و ئەزمونی تورکیا لە دروستکردنی بەنداو و گلدانەوەی ئاو، کرد.

سەرۆك کۆمار هیوای خواست باڵیۆز لە ئەرکەکانی داهاتویدا سەرکەوتوبێت و ستایشی هەوڵەکانیشی کرد لە ماوەی کارکردنی لە عێراق و ئەو کارانەی ئەنجامی داوە بە پەرەپێدانی پێوەندییەکانی عێراق و تورکیا.

لە بەرامبەردا، باڵیۆزی تورکیا جەختی لە پەرەشی وەاتەکەی کردەوە بە پەرەپێدانی پێوەندییەکان و هاریکاری دوو قۆڵی لە بوارەکانی جێ بایەخی هاوبەش، کە بە سەردانەکەی رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا بە عێراق گەیشتە ئاستێکی باڵا، هەروەها پێزانینی خۆی بە هەوڵەکانی سەرۆك د.لەتیف جەمال رەشید دەربڕی لە چەسپاندنی پێوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات.